# ئەنفال چاڵێکە هەمیشە قوڵ ئەبێت

دەسەڵاتی ڕەشی بەعس خەڵکی فێری گریان , پاڕانەوە , هاوار , زریکە , دابڕان , شین, برسیەتی , سووتان , جێهێشتن , کۆسکەوتن , دەیان و سەدان جۆر لە مەئەسات و کولە مەرگی کرد , ئەم دەسەڵاتە تەواوی تەمەنی بۆ خەڵکی کوردوستان مەرگ و کوشتن و ئازار و نەهامەتی بوو , ئەم دەسەڵاتە ڕێگای نەئەدا ئینسان وەك ئینسان بیر بکاتەوەو, وەك ئینسان سادەترین ژیان بکات .

ئەم دەسەڵاتە هەر بەوەوە نەوەستا ژیان بۆ ئینسانەکان بکاتە دۆزەخ و هەر ڕۆژەی جۆرێ مەرگەسات و کوێرەوەرەی بۆ خەڵکی کوردوستان بە دیاری بهێنێت , ئەم دەسەڵاتە قۆناغ بە قۆناغ کارەسات و ئینسان کوژیەکەی باڵای ئەکرد و لە کورەی فەوتان و ئەوەی لە عەقڵ و لێکدانەوەی ئینسانەکاندا نەبوو گەشەی ئەکرد .

ئەنفال یەکێك بوو لەو کارەساتانەی کە ئەم دەسەڵاتە ڕەشە بەسەر خەڵکی کوردوستان دا هێنای و دەیان و سەدان چیرۆك و سەرگوزشتەی وای لێ دروست کرد کە زۆر زاتی ئەوێت ئینسان بتوانێت گوێی بۆ ڕابگرێت .

من بۆ ماوەی ساڵێك لە نێو قوربانەیەکانی ئەم کارەساتەد ا ژیاوم ئەزانم چۆن ژیان دەکەن چۆن ڕۆژگار پاڵپێوەدەنێن , دەزانم چاوەڕوانی و هەوڵەکانیان بۆ دۆزینەوەی ئازیزەکانیان چ بۆشایەکی لە ژیانی ڕۆژانەو کۆمەڵایەتی ئەواندا دروست کردووە .

ئەنفال بۆ ئەنفال کراوەکان زۆر شیکردنەوەو لێکدانەوە هەڵناگرێت , بەکورتیەکەی بەعس ژیانی لە 182 هەزار ئینسان سەندەوەو ژیانی سەدان هەزاری تری ڕەوانەی دۆزەخی چاوەڕوانی و مەرگەساتی ڕۆژ ڕەشی و ژیانی کولەمەرگی کرد .

قسە کردن لەسەر ئەنفال بە ڕەئی من لە ئەمڕۆدا زۆر شتی عەجیب و غەریب هەڵناگرێت زۆر هەن دەیانەوێت بە لێکدانەوەی دەروونی و سایکۆلۆژی دەردی سەریەك کە بەسەر ئەنفال کراوەکان و پاشماوەکانی ئەنفالدا هاتووە تێپەڕێنن , بەلام ئەمانە ئەمڕۆ هیچیان ناتوانن وەڵام بە هەلومەرجێك بەنەوە کە ئەنفالی وەك تاوانێك تێدا ئە نجام دراو , وەك ژیانێك کە ئەمڕۆ پاشماوەکانی ئەنفالی تێدا دەژین .

خەڵکی کوردوستان لە سایەی دەسەڵاتی بەعسدا لە چوار چێوەی کۆمەڵگایەکدا زنجیر کرابوون , وەك ئینسانی پلە دوو سەیر دەکران و تەنها بەو دەلیلەی کورد زمان بوون , مافی هاوڵاتی بوونی یەکسانیان نەبوو , هەموو ڕۆژێك دەبوایە ئامادەی کوشتارگایەك و دۆزەخێك بوونایە کە بۆیان دادەخرا , عێراقێکی پێناسە کراو بە کۆمەڵگایەکی قەومی و خەڵکی کوردوستانیش وەك خەڵکی پلە دووی ئەو کۆمەڵگایە تەنها ئەم کارەسات و نەهامەتیانە دیاری دەستی دەسەڵات دەبێت بۆ یان .

کاتێك دەڵێم قسەکردن لە سەر ئەنفال شتی عەجیب و غەریب هەڵناگرێت و شیکردنەوەی دەروونی و سایکۆلۆژی ناوێت , مەبەستم ئەوە نیە ئەم کارەساتە هەموو لایەنەکانی هەڵنەسەنگێنرێت و شیکردنەوەی زانستی و کۆمەڵایەتی بۆ نەکرێت , بەڵکو من مەبەستم ئەوەیە کە ئەمڕۆ دوای تێپەڕینی 18 ساڵ بەسەر ئەم تاوانەدا قوربانی و پاشماوەکانی ئەنفال لە دوو جێگاو ڕێگای نەشیاودان , قوربانیەکان ئەو ئینسانانەی لە ژێر خۆڵ و لمدا هاوارەکانیان بێدەنگ کردن و شووشەی شیری مناڵان و پێڵاوە لاستیك و کۆنەکانیان شاردنەوە , ئێستا تەنها وەسیلەیەکن بەدەست دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆی کوردوستانەوە , بۆ ئیمتیازاتی سیاسی و بەکارهێنانی وەك کارتی فشار لە هاوکێشە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکاندا , ئەوەشی بە پاشماوەکانی ئەنفال دەگەڕێتەوە تەنها سەردانی ئەو جێگایانەی ئەم ئینسانە مەحرومانەی تێدا دەژین بەسە بۆ ئەوەی بزانیت هەلومەرجی سەختی ژیان و ڕۆژ ڕەشیەك تێیدا دەژین لە چ ئاستێکی نائینسانی و نا مەسئولانەدایە , من بۆیە ئەو جێگایانەی کە پاشماوەکانی ئەنفالی تێدا دەژین بە شار یاخود بە ئۆردوگا ناو ناهێنم , چونکە بە ڕاستی ئەو جێگایانە ئەوەندە دوورن لە سەرەتایترین خزمەت گوزاریەوە ناکرێت هیچ جۆرە ناوێکی لێبنرێت .

ئەگەر ئەنفال چاڵێك بێت و 182 هەزار ئینسانی تێدا خنکێنرابێت , ئەوا زیاتر لە 15 ساڵە لە سایەی دەسەڵاتی ئەحزابی قەومی کوردوستاندا ئەم چاڵە قوڵترو گەورەتر دەبێت , تەنها سەردانێکی ماڵی" دادە ئامین و میمکە ئەختەر" بەسە بۆ ئەوەی سەدان ڕۆمان و چیرۆك و شاکارە شیعر بنووسیت , تەنها سەردانێکی بیرە ئیرتیوازیەکان کە ئەوان پێیان دەووت ئەرکەوازی بەسە بۆ ئەوەی بزانی پاشماوەکانی ئەنفال چۆن ئاویان , ئاو , ئاو , ئاو , خەڵکینە شتی زۆر عەجیب ناڵێم چۆن ئاویان دەست دەکەوێت. خەڵکێك وێڵی دوای ئاو و,چاوەڕوانی هەموو ڕۆژەی گەڕانەوەی ئازیزەکانیان بن ,خەڵکێ هاوین دەسکەنەی نۆك بکەن و زستان سکی برسی هەڵگووشن , من دڵنیام شیعری شێرکۆ بێکەس , لاوانەوەی عادل عەزیز و دیاری قەرەداغی , هاواری فەرهاد سەنگاوی , بەڵێنی نێچیرەڤان بەرزانی , کۆبوونەوەی پەرلەمانی ناوێت .

پاشماوەکانی ئەنفال ئەمڕۆ ژیانیان دەوێت , نانیان دەوێت , خانوو و ماڵ و کەرەستەی حەوانەوەیان دەوێت , بەدەر لەم پێداوویستیانە هەر قسەو هەنگاوێك بازدانە بەسەر خواست و داواکاریەکانی پاشماوەکانی ئەنفالدا , ناکرێت خەڵکێك تەواوی ژیانی بەهار و هاوینی لەسەر بەروبوومی جەوەڵەکەو قنگر و گێلاخە بێت,تۆ بێیت باسێکی بۆ بکەیت ئەسڵەن لێی تێنەگات و نەتوانێت وەڵام بە ژیان و گوزەرانی ئێستای بداتەوە . دوای 15 ساڵ لە دەسەڵاتی ئەحزابی قەومی کورد لە کوردوستان ژیانی پاشماوەکانی ئەنفال و کەس و کاریان نەك باش نەبووەو ئاڵوگۆڕی بەسەردا نەهاتووە , بەڵکو دوای 18 ساڵ لەم کارەساتە ئەوا جارێکی تر ئەو ناوچانەی هێرشی ئەنفال گرتنیەوە, لە لایەن دەسەڵاتدارانی سنووری سلێمانیەوە لەشکر کێشی دەکرێتەوە سەری و فەزای ترس و تۆقاندن بەسەر خەڵکیدا پەخش دەکەنەوە , ئەو ئینسانانە دەستگیر دەکەن و ڕاپێچی زیندانیان دەکەن کە بۆ بەرگری لە ژیان و گوزەرانی پاشماوەکانی ئەنفال هاتوونەتە مەیدان و دەیانەوێت ئەم ئینسانە مەحرومانە لانی کەمی ژیانیان هەبێت . هەنگاوی خێرا ئەمڕۆ بۆ کەم کردنەوەی خەم و مەینەتیەکانی ئەنفال و پاشماوەکانی ئەنفال , هەنگاوی خێرا بۆ ڕوونەدانەوەی ئەنفالێکی ترو , پاراستنی خەڵکی کوردوستان لە ئەگەری بە سووتەمەنی کردنیان, بە ڕەئی من خۆی لە ئەم دوو هەنگاوەدا دەبینێتەوە .

**یەکەم : دابین کردنی ژیان و گوزەرانێکی ئینسانی بۆ کەس و کار و پاشماوەکانی ئەنفال دووەم : ڕێگا نەدان بە پێناسە کردنەوەی عێراق وەك کۆمەڵگایەك کەخەڵکی کوردوستان تێیدا بە پلە دوو حیساب بکرێن , وەك ئەوەی ئێستا ئەحزابی دەسەڵاتدار لە کوردوستان خەریکن لە گەڵ دەستەوتاقمی ئیسلامی و ناسیۆنالیزمی عەرەبی ڕێکی دەخەنەوە .**

**هیدایەت مەلا عەلی**
hidayat_malaali@yahoo.com